# بڕپرسێک: ئەمریکا ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی لە ئێران دەکات

ئەمریکا هێزی دەریایی لە یابانەوە جوڵاند و دەیەوێت بە شیوەیەکی خاو بە خاو گەروی هورمز کۆنترۆڵ بکات و هێزی وشکانی دابەزێنێتە گەروەکە، بە ئەو مەبەستەش وەزیری جەنگی بەیاری داوە کە کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی "یو ئێس ئێس تریپۆلی" بەو ناوچەکە جوڵێبکات.

ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جەرنال لە زاری بڕپرسانی ئەمریکییەوە باویکردەوە، پێنتاگۆن هێزی زیاتری مارینز و کەشتی جەنگی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنێرێت، ئەمەش لە ئەنجامی پێرەسەندنی هێرشکانی ئێران لە گەروی هورمز.

ئاماژەی بەوەشکرد، پیت هیگسێس وەزیری جەنگ ڕێزامەندی دەربڕی لەسەر داوایەکی فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (سەنتکۆم) بە ناردنی گروپێکی دەریایی-زەمینی و یەکەیەکی گەیانی سەر بە مارینز، کە بەزێری لە چەند کەشتییەکی جەنگی و پێنج هەزار سەربازی مارینز پێکدێت.

بەگوێرەی ڕۆژنامە ئەمریکیەکە، کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەمریکی "یو ئێس ئێس تریپۆلی" کە لە ژاپۆن

جەنگیر بو، لەگەڵ هێزەکانی مارینزی سەر بە کەشتییەکە ئەستا بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێکەوتون. ئەوە جگە لەوەی هێزەکانی مارینز ئەستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئامادەن بە پشتگیریکردنی ئەپەراسیۆنەکە دژی ئێران.

لەلایەکی دیکەوە بەرپرسێکی بەرگریی ئەمریکا بە کەناڵی جەزیرەی ڕاگەیاندوە، هێزێکی مارینز لە ئەکیناوای ژاپۆن، بە پشتگیریکردن لە ئەپەراسیۆنی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەنگیر دەکرێن.

دەشێت، "هێزێکە لە دو هەزار 500 سەرباز پێکدێت و چەندین کەشتییان لەگەڵ دەبێت، هەروەها توانای ئەنجامدانی ئەپەراسیۆنی گواستنەوەی هاوڵاتییان و دابەزینی دەریاییان هەیە".